# دەنگی هەموومان کاری هەموومان، دەرەنجامی کاری هەموومانە

ئاسۆ حامدی

دیسان سەرکەوتنێکی تری سۆسیالیستەکان ، کوردەکانی هۆلەند زیاترین دەنگیان بە پارتی سۆسیالیست دا، حزب سوپاسی هەمووان دەکات، برۆ بۆ سایتی پارتی سۆسیالیست.ئەگەر هۆلەندی نازانی خۆهەموو کەس دەزانێ ڕەنگی سوور و ئەستێرە چیە!

WWW.SP.NL

---



لە هەلبژاردنی هەرێمەکانی هۆلەندا لە 7ی مارت 2007 پارتی سۆسیالیست لە هۆلەند سەرکەوتووترین پارت هەلبژێردرا، ئەم جارەش هەموو تەوەقعەکانی کۆنە سۆسیال دیموکراتەکان و کریستن دیموکرات و لیبرالەکان بە هەڵە دەرچوو، ئەوان پێ یان وابوو سەرکەوتنی نۆڤەمبەر بۆ پەرلەمان ئیتر وەکو هەوری بەهارانەو دەڕەوێتەوە. بەلاّم وانەبوو سۆسیالیستەکان حزبی ئەکسینە( ناڕەزایەتی) بەردەوامن هەربۆیەش بەردەوام لە گەشەسەندن دان.
ئەمجارە لە سەدا 28 کۆی دەنگەکانیان هێنا. کە لە ئەنجومەنی پیراندا 12 کورسیان بردەوە. کە پێشوو خاوەنی 5 کورسی بوون.
پارتە کانی بەرە کە دەولّەت پێک دەهێنن دیسانەوە بە زۆرترین دەنگ دەرچوون کە مایەی داخە، بەلاّم ئەم بەربەرەکانێ یە کۆمەلاّیەتیە هەر ئاکامی لێ دەبێتەوە، سەرکردەی پارت لە چاوپێ کەوتنێکی ڕۆژنامەیی دا ووتبووی حوکمی پارتی سۆسیالیست مسۆگەرە،هەر ڕۆژێ دێ حوکمی وولاّت بگرتە دەست. هەر لەوێدا ئاماژەی بە جیاوازەکانی پارت و پارتی کریستن دیمکراتی کردبوو لە کاتی مفاوەزات بۆ دروست کردنی بەرەدا.

ئەم سەرکەتنەش دیسانەوە دووپاتی کردەوە کە کۆمەلّگا لە هۆلەند دا سۆسیالی هەلبژارد لە جیاتی لیبرالیزم. ئەگەرچی لیبرالەکان ئەمجارە کەمتر تووشی شکست بوون بە بەرامبەر بە شکستەکەی هەلبژاردنی پەرلەمان.

گرنگترین دەرس لەم هاتنە مەیدانەی ئەم جۆرە سۆسیالیستیە لە وولاتیکی ئەوروپایی دا ئەوەیە، حزبێ ئەگەر لە کۆمەڵگایەکەی خۆیەوە بە ئارامی و بە هۆشیاری مامەڵە لەگەڵ مەسەلە چینایەتیەکان بکات، ئەوا زیاتر دەتوانێ گەشە بکات، تا پشت بە سەرچاوەو مەسەلەی ئەنتەرناسیونالْ هتد. کەسانێ هەن لە بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستان لە واقع دا ڕابەری کۆڵانەکەی خۆیان نین بە قەولی ئەحمەد معین خۆمان لێ دەکەن بە ڕابەری پرۆلیتاریای جیهان.

ڕەنگە مێژووی سیاسی کۆمەڵگا و فەرهەنگ و باری ئابووری و هتد ئەم مۆدێلە لە سۆسیالیزمی لە هۆلەند بە وجود هێناوە وەرگێڕانی ئەم مۆدێلە لە ڕۆژهەلاتی ناوەندا ڕەنگە لە پارتە کۆنە کۆمۆنیستەکانیش دواکەتووتربێت.

بۆیە شوێن و کات و بەرنامە و ئیعتراز و سەرچاوەی حەرەکەت کۆمەڵگا نەک پەرتووک و ڕابەری واقعی کۆمەڵگا نەک کەسانێکی دەرەوەی کۆمەڵگا باشترین دەرسن لەم مۆدێلەی سۆسیالیست دا لە سەدەی نوێدا.

لەگەڵ ئەمەش پارتی سۆسیالیست لە خەباتی پەرلەمانی لە ئەوروپا لە تەک پارتە چەپەکانی تر هەر دەم لە کێشمەکێش دان بۆ چاککردنی سیاسەتەکانی ئەرووپی.

بەڵام خۆیان نەکردۆتە ڕابەری جیهان و یان هیچ ڕابەری دەرەوەیان نیە. لە واقعی کۆمەڵگا یانی لە گەڕەکەکان و شوێنەکانی کار و ژیان لە شارەوانیەکان چالاکیەکانیان دەست پێ دەکات و داواکاریەکانیش واقعین و قابیلی جێ بەجێ کردنن. ئەمەیە ئەم دەرسە لەم مۆدێلەدا.

هۆلەند 2007